سەماحەتی حەکیم چاوی بە ئەحمەد ئەبو ریشە دەکەوێت و باس لە گرنگی سەقامگیری نیشتمانی بە بەشداربوونێکی بەرفراوان و هۆشیارانە لە هەڵبژاردنەکان دەکات

بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هەزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە شێخ ئەحمەد ئەبوریشە سەرکی کۆنگرەی سەحوەی عیراق کرد، لەم دیدارە باس لە پەیوەندی مێژوویی سەماحەتی لەگەڵ شێخ و پیاوە دیارەکانی پارێزگای ئەنبار کرد لەگەڵ ئەو هەوڵستە شەرفمەندانەی بەرامبەر تیرۆر بە چەسپاندنی یەکگرتنی نیشتمانی تەماریان کرد.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە ئەو دەخڵ سەقاگیرەی ئێستا عێراق بەخۆیەوە بینیوە بەرهەمی قوربانییەکی زۆری عێراقییەکانە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، جەختیشی کردەوە لەسەر پێویستی پاراستنی ئەو سەقامگیرییە و پتەوکردنی بەشێوەیەك کە خزمەتی ئێستا و داهاتووی ولاتەکە بکات.

لەکۆتاییدا سەماحەتی ئاماژەی کرد کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو وێستگەیەکی گرنگە بە ڕووی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و داواشی کرد بەشداركردنێکی بەرفراوان هۆشیارانە هەبێت تا ببێتە هۆکاری بنیاتنانی دەوڵەتێکی دامودەزگایانە و ببێتە هۆی چەسپاندنی دیموکراتیەت